# راگەیاندنی کۆتایی

# کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

لە رۆژانی 12 و 13 / 12 / 2012 یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لەژێر دروشمی ( بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان )، و لە هۆڵی شەهید سەربەست لەبارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە هەولێری پایتەختی کوردستان کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست.

رۆژی یەکەم 12 / 12 / 2012 لە دانیشتنی بەیانیدا دوای دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و تەواوی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کردنەوەی کۆنگرە بە مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب و مارشی YNDK رێی سەربەخۆیی ، وتاری کردنەوەی کۆنگرەو وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە خوێنرانەوە، ئنجا پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز سەرۆکی کوردستان و ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و، بەڕێز سەرۆکی KNK و بەڕێز سەرۆکی KNC و پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزان سەرۆك و سکرتێرو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و باڵیۆز و کەسیەتییەکان خوێنرانەوە، پاشان راپۆرتی سیاسی لەلایەن هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK خوێنرایەوە، لە راپۆرتی سیاسیدا بەوردی باس لە بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و بارودۆخی کوردستانی مەزن و کوردانی ئاسیای ناڤین و باردۆخی ئێراق کراوەو ئاماژە بەگۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و کوردستان و ئێراق کراوەو لەدیدگای YNDK ەوە شرۆڤەکراون، شایانی باسە لە بەشی باشووری کوردستاندا باس لە پێشڤەچوون و گەشەسەندنەکانی ئەزموونی باشووری کوردستان لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی ژێرخان کراوەو، هەر لەم بەشەی راپۆرتی سیاسیدا بۆ زیاتر پێشڤەبردنی باشووری کوردستان باس لەوە کراوە کەوا چاکسازییەکی ریشەیی ئەنجامبدرێت و شێوازی بەڕێوەبردن سیستماتیك بکرێت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی رەچاوبکرێت و گەندەڵی بنبڕ بکرێت و، بایەخ و رۆڵی تەواو بە لاوان و ئافرەتان و کەسانی شارەزا بدرێت، ئەمانەش دەبنە فاکتەری سەرەکی بۆ زیاتر کاراکردن و پێشڤەچوونی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان.

لە راپۆرتی سیاسیدا ئاماژە بەوەشکراوە کە سەرەڕای ئەو پێشڤەچوونانەی باشووری کوردستان تا ئێستاش کۆمەڵێ هەڕەشە لەسەر باشووری وڵاتدا هەن، کە پێویستە هەموولایەکمان رووبەڕوویان ببینەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر باشووری وڵات داوا دەکرێت بەزووترین کات ناوماڵی کورد و ناوەندی سیاسی رێك و یەکبخرێتەوەو، مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکان بکرێت، هەروەها وای دەبینێت کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا.

سەبارەت بە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان لە راپۆرتەکەدا هاتووە: هیچ حکومەتێکی ئێراق نە ئێستاو نە لە داهاتووشدا ئامادە نییە ماددەی 140 جێبەجێ بکات و دەستبەرداری ئەو ناوچانەی کوردستان بێت، سەبارەت بە پیلانەکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراق دژ بە خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە YNDK وایدەبینێت ئەو

پیلانانەی عێراق بۆ ئەوەن کەوا ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە سەر کوردستان و وەك رژێمەکانی پێشوو داگیریان بکات، پێکهێنانی بەناو ( ئۆپەراسیۆنی دیجلە )یش بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆیە YNDK زۆر بەتوندی ئەو پیلانانە ئیدانەو ریسوا دەکات و دژیان دەوەستێتەوە و بانگ لە جەماوەری کوردستان و هەموو لایەك دەکات یەکدەنگ بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانە گلاوانەی حکومەتی ئێستای ئێراق.

سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە راپۆرتی سیاسی بە جیا باس هەر پارچەیەك کراوە و ئاماژە بەکاروخەباتی نەتەوەکەمان لەو باکوورو رۆژهەلات و رۆژئاواو کوردستانی سۆر کراوەو جەختکراوەتەوەسەر هاوکاری و پشتگیرییان.

لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن جەتکراوەتەوەسەر بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و، دارشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەککرتوو بۆ قۆناخی داهاتووی خەباتی گەلی کوردستان ئەمەش بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەپەلەی ئەم قۆناخەی خەبات دانراوە و، باس لەوەش کراوە کەوا دواخستنیشی زیانێکی زۆر بە دۆزی رەوای کورد دەگەیەنێت.

لەبارەی ئێراقیشەوە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، عێراق بەو هەلس و کەوتانەی ئێستای بەرەو تاکڕەوی و دکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت و وەکو رژێمەکانی پێشووی عێراق هەرکاتێ بەهێز بێتەوە دژی کورد دەوەستێتەوە، دەسەلاتدارانی ئێستای ئێراق بەهەمان عەقلییەتی پێشوو بیر دەکەنەوەو، هەولدەدەن هەمان سیاسەتی رژێمەکانی پێشوو پراکتیك بکەن، ئەم شێوازەی حوکم لە ئێراقدا زیان بەهەموو لایەك دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی رابردوو، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە دژی ئەو شێوازەی حوکمی ئێستا بوەستینەوە، ئەمانەو چەندان بابەتی دیکە لە راپۆرتی سیاسیدا وروژێنراون و شرۆڤە کراون.

دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەسەر راپۆرتی سیاسی لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بەتێکرای دەنگ راپۆرتەکە پەسەند کرا، پاشان لیژنە تایبەتمەندەکانی کۆنگرە هەلبژێردران. لەدانیشتنی دووەمی هەر ئەو رۆژەدا راپۆرتی مەکتەبە ناوەندییەکانی YNDK خوێنرانەوەو گفتوگۆیان لەسەرکراو کارو خەباتی ماوەی رابردووی YNDK هەلسەنگێنرا کە لەماوەی رابردوودا YNDK لەزۆربەی زۆری بوارەکاندا پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەو، لەسەر بنەمای ئەمەدا کارنامەیەکی نوێ بۆ کاروخەباتی داهاتووی YNDK دارێژرا.

لە رۆژی دووەمی کۆنگرە لە دانیشتنی یەکەمدا راپۆرتی لیژنەکانی ( بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ و، رەخنەو سکالاو، سەرنج وپێشنیارو راسپاردەو بڕیارو، سەرپەرشتی هەلبژاردن ) خوێنرانەوە و گفتوگۆیان لەسەرکراو پەسەند کران. دانیشتنی دووەمی هەمان رۆژ تایبەت بوو بە هەلبژاردنی سکرتێری گشتی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK ، دوای ئەوەی هەڤال غەفوور مەخمووری ئامادە نەبوو خۆی بۆ سکرتێری گشتیی هەلبژێرێتەوە، دەرگای خۆ پالاوتن بۆ سکرتێری گشتی کرایەوە، بەلام هیچ هەڤالێك ئامادەی خۆ هەلبژاردن نەبوو بۆیە کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ داوایان لە هەڤال غەفوور مەخمووری کردەوە کەوا ئەرکی سکرتێری گشتیی YNDK بگرێتەوە ئەستۆ و، بۆ ئەمەش کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ هەڤال غەفوور مەخمووری بە سکرتێری گشتیی YNDK هەلبژاردەوە.

دوای هەلبژاردنی سکرتێری گشتیی YNDK ، دەرگای خۆ پالاوتن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی سەرکردایەتی کرایەوەو ژمارەیەك هەڤال بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆیان پالاوت، دوای دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان ئەم هەڤالانە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK هەلبژێردران: (قەهار تاهیر، شاخەوان خالید، د.

**عەبدوڵڵا عەدۆ، ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ، خالید مەحموود، جەمیل سنجاوی، پاڵە گەردی، فەخرەددین زیارەتی ) و، هەروەها هەڤاڵان ( شاکر هاشم و خەلیل پالانی ) وەکو ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەرچوون.**

**شایانی باسە کەوا کۆنگرەکە زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و بەکۆمەڵێ بریارو راسپاردە و سلاونامە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، کە ئەمانە راسپاردەو سلاونامەکانن:**

## راسپاردەکان

1-**پەلەبکرێت لە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بەبەشداری تەواوی هێزو لایەنەسیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.**

2-**پشتیوانیکردنی تێکۆشان و بەرخودانی نەتەوەکەمان لەگشت بەشەکانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.**

3-**شەڕی براکوژی لە کوردستان تەحریم دەکەین جا لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێت.**

4-**دەست هەڵگرتن لەهەر بستێك لەخاکی کوردستان بەخیانەتێکی نەتەوەیی دادەنێین.**

5-**ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی و کارکردن بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و بەسیستماتیککردنی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان و جیاکردنەوەی کاری حیزبی و حکومی بەشێوەیەك کە حیزب حیزبایەتی، حکومەتیش حکومەتایەتی خۆی بکات.**

6-**جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر سنوورەکانی نێوان باشووری کوردستان و حکومەتی عێراق.**

7-**دژی هەر هەوڵێکی حکومەتی عێراق دەوەستینەوە کە بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی خاکی باشووری کوردستان ئەنجامی بدات.**

8-**بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری دووبارە بەعەرەبکردنەوەی کوردستان دەبینەوە.**

9-**داوای ئازادکردنی تەواوی زیندانییە سیاسییەکانی نیو زیندانەکانی داگیرکەرانی کوردستان دەکەین.**

10- **پەلە بکرێت لە رێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردستان بۆ دروستکردنی یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی بەرامبەر پلانی دوژمنان و ناحەزانی کوردستان.**

11-**پشتیوانیکردن و کارکردن بۆ بەهێزکردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و نەهێشتنی هۆکارەکانی لاوازبوونیان بەئەرکێکی نەتەوەیی دەزانین.**

12 – **هاوکاریکردنی ئاوارەکانی رۆژئاواو باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشووری کوردستاندا دەژین ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.**

13- **هاوکاریکردنی بزاڤی کلتوری کوردانی کوردستانی سۆرو ئاسیای ناڤین و کورد لەهەرکوێیەك بێت بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانین.**

14 – **دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان بە فاکتەرێکی گرنگی رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان دەزانین.**

## سلاو نامە

**_سلاو و رێز دەنێرین بۆ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.**

_سڵاوو ڕێز دەنێرین بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدی سەرکردەمان شەهید سەربەست مەحموود.

_ سڵاو لە ڕاپەڕین و بەرخودانی نەتەوەییمان لە ڕۆژئاوا و باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

_ سڵاو لەخەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین.

_ سڵاو لە نووسەران و بیرمەندانی نەتەوەییمان.

_ سڵاو و ڕێز بۆ گشت ئەو ڕۆشنبیرو زاناو پسپۆڕو کەسایەتییە بیانیانە دەنێرین کە پشتیوانی لەدۆزی ڕەوای نەتەوەییمان دەکەن.

بەم شێوەیە کۆنگرەی پێنجەم لە کەشێکی پڕ لە ئازادی و دیموکراسیدا سەرکەوتووانە بە مارشی نەتەوەیی ( ئەی ڕەقیب ) کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، دەتوانین بڵێین کۆنگرەی پێنجەم خاڵی وەرچەرخان بوو لە دیرۆکی کارو خەباتی YNDK دا.

**_ نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید سەربەست مەحموود و تەواوی شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان.**

**_ مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.**

**_ بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.**

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**13 / 12 / 2012 هەولێر _ کوردستان**